# تیرۆر قەدەرێك نییە بمانپسێنێ..

**سالار بابەشێخ**
salar_hisami@yahoo.com

لە رۆژی ساڵوەگەڕی کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانی واتە لە بەرەبەیانی (9ی ئایار)، لە جیاتی ئەوەی نەفرەت لە هەرجۆرە شەروشەڕخوازییەك بکرێ و هەموو ماڵوێرانکردنێکی مرۆڤ ئیدانە بکرێت، جارێکی تر "تیرۆر و تیرۆریسم" ئاسەواری شەڕخوازیی خۆیان بڵاو دەکەنەوەو ئەمجارە بەر دەبنە گیانی پۆلێك لە رۆڵەکانی گەلی کورد، ئەویش لە بەردەم وەزارتی ناوخۆی پێتەختی کوردستان!!

بێگومان دەستنیشانکردنی وەزارەتی ناوخۆ بۆ کاری تیرۆریستی خۆکوژانە، کارێکی کتوپڕ و لە گۆترە نییە، بەڵکو پیلاندووراني تیرۆریست بە دووبارە کردنەوەی خۆتەقاندنەوە لەبەردەم ئەم ناوەندە ئەمنییەتی و ئاسایشییەدا پەیامی تایبەت بە خۆیان هەیە و کردارە دزێو و چەپەڵەکەشیان زنگی مەترسییەکی نوێیە کە شەپۆلەکانی خۆی بە هەرەشەکانی ولاتانی دەوروبەرەوە گرێ دەداتەوە، بە تایبەتی ئەو ولاتانەی کە چاوچنۆکانە نەیاری مافی چارەی خۆنووسینی کوردن.

هەر ئەوانەی کە ئامادە نین تەنانەت لە سەردانێکی فەرمی و دیپلۆماسیدا لە نێوان کاربەدەستانی دوو ولاتدا، لە تەنیشت ئالاکەی خۆیانەوە کە هێمای داگیرکارییە، ئالای کوردستانیش دابنێن کە هێمایەکە لە رزگاریخوازی، یان ئەوانەی کە سایتە کوردییەکان هاك دەکەن و هێماکانی داگیرکەری خۆیانی تێدا بلاو دەکەنەوە، هەر ئەوانەن کە هەموو کارئاسانییەك دەکەن بۆ تیرۆریستان، دەنا چەند مرۆڤێکی سەرلێ شێواو و هەڵخڵەوتاو، ناتوانن وا بە ئاسانی ژمارەیەك خەڵکی بێتاوان بکەنە نیشانە بۆ پێکانی ئەو مەبەستانەی کە رەشترن لە رەنگی "قەلەڕەش".

یەکی شوبات و 9ی ئایار کۆتایی ئەم نەبەردە نییە.. کورد لە بەرەی شەڕی دژی تیرۆردایە و دەبێت ئامادە بێت قوربانی زیاتریش بدات.

لەم شەڕەدا ئەمجۆرە کارە ترسنۆکانەیە کە ئایەت خوێن و فیتوادەرەکانی هیچیان خۆی لە قەرە نادەن و مێردمنداڵە کاڵفامەکانی بۆ پەروەردە دەکەن و زاخاوی مێشکان دەدەنەوە، درێژەی ئەو سیاسەتە نەگریسانەیە کە بنەمای هەموویان لە سەر دەستتێوەردان لە کاروباری ناوخۆی عێراق راوەستاوە، ئەوانەی دژی ئازادی و دیموکراسین دەیانهەوێ ئەو بارگرژی و بشێوییەی لە عێراقدا هەیە بەردەوام بێت و دیموکراسی هەرەشە لە دەسەلاتی موتڵەق و تاکە کەسیان نەکات. بۆیە بە درێژی تەمەنی 16ساڵەی دەسەلاتە هەرێمییەکەی کورد، بەردەوام لە دان پیشاندان و هەڕەشەکردن درێغییان نەکردووەو هەردەم هەوڵیان داوە دەستکەوتەکانی کورد لە باشووری ولاتەکەیدا لە بار بەرن.

بەڵام دەبێت دڵنیا بن ئەم جرومەنگەنەیە تەمەنی کورتە و لە دوای ئەم کارەساتە جەرگبڕەش کورد هەر لەسەر داخوازەکانی ئازادی و دیموکراسی سوورە و لەسەر هەنگاوی خێراتر بۆی دەڕوات. رمبەی کوردکوژی و گرمەی کۆ کوژی لە لێوارەی دۆڵی فەوتاندایە...